**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ١٦**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١١**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١١ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١):**
هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجام نادرێت.

**ماددەی (٢):**
یەکەم: کارکردن بە یاسای (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام دەبێت.

دووەم: دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەکارو ئەرکە کارگێڕی و داراییەکان بەردەوام دەبێت و، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کارەکانی ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٣):**
پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەمیدا لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە گشتییە دەستوورییەکان، بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بدات.

**ماددەی (٤):**
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت، پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی (٥):**
پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٦):**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

### هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو ڕەخساندنی زەمینەی سازان و لێک تێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بێگەرد دلشاد شکراللە**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

برلمان كوردستان – العراق

رقم الإصدار: ١٦

تاريخ الإصدار: ٢٠١٨/٧/١١

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٦) بتأريخ ٢٠١٨/٧/١١، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨

## قانون تعليق مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان – العراق

**المادة (١):**

لا يجرى انتخاب رئيس الإقليم بالتزامن مع انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان.

**المادة (٢):**

**أولاً:** يستمر العمل بقانون (توزيع اختصاصات رئاسة الإقليم على المؤسسات الدستورية للإقليم) رقم (٢) لسنة ٢٠١٧.

**ثانياً:** يستمر ديوان رئاسة إقليم كوردستان في أعماله وواجباته الإدارية والمالية، وينفذ مهامه تحت إشراف رئاسة مجلس الوزراء.

**المادة (٣):**

على الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان وخلال فصلي انعقاد سنتها الأولى اتخاذ القرار حول مصير مؤسسة رئاسة الإقليم في ضوء المعايير العامة للدساتير.

**المادة (٤):**

لا يعمل بأي نص قانوني يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٥):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٦):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره، وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

من أجل تهيئة أرضية التوافق والتفاهم حول نظام الحكم في إقليم كوردستان، فقد شرع هذا القانون.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله**<br>**سكرتير برلمان كوردستان ـ العراق** | **جعفر إبراهيم ئێمینكی**<br>**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق** | **يوسف محمد صادق**<br>**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق** |